## تۆپخانەکانی تورکیا ناوچەکانی بەرواری باڵا و نێروە و نهێل تۆپباراندەکەنەوە

لەئێوارەی دوێنێ 3/22 وە تا سەعات 8 ی بەیانی ئەمڕۆ تۆپخانەکانی تورکیا گوندەکانی سپیندار، بێدکار– یان لەدەڤەری بەرواری باڵا تۆپباران کردووە. ئەو تۆپخانانە دەڤەری نێروە و ڕێکان و نهێل– ی سەر بەقەزای ئامێدی بەپچڕ پچڕی تۆپباران کردووە و لەبەرئەوەی ئەو ناوچانە چۆڵن زیانێکی ئەوتۆی لێنەکەوتۆتەوە.لەلایەکی دیکەوە تۆپخانەکانی ئێران لەدوێنێوە چەندجارێک چەند ناوچەیەکی سنوریی هەرێمی کوردستانیان لەبناری قەندیل تۆپباران کردووە.



## ئێران پشدەر تۆپباران دەکاتەوە وچەندین خێزانیش گوندەکانیان چۆڵدەکەن

تۆپخانەکانی ئێران سەرلەبەیانی و ئێوارەی ئەمڕۆ 3/22 بەچڕی گوندە سنووریيەکانی سەر بەناحیەکەیان تۆپبارانکردووە :.تۆپبارانەکە گوندەکانی شناوە، ئەلکای باڵا، سورەگەڵا، بەستەو سپیلکە– ی گرتۆتەوەو بۆتەهۆی ژمارەیەکی زۆر لەخێزانەکانی ئەو گوندانە گوندەکانیان چۆڵبکەن. تۆپبارانەکە هیچ زیانێکی گیانی لێنەکەوتۆتەوە بەڵام چەندین زیانی ماددی بەتایبەتی لەجوتیاران کەوتوە.

